# ئەرێ ئەمە کاری ئینسانی یە یان گیرفان پڕ کردنە ؟!

## ئاوڕێک لە کاری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عیراق



سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.com

کە ڕۆژنامەیەکت بەرچاو دەکەوێ یان شاشەی تی ڤیەکەت هەڵدەکەی یان چاوێک لە ماڵپەڕێکی ئەنتیرنێت دەکەی باس باسی کارە ئینسانیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانە کە چون لە ڕێگای سەدان فەرمانبەری (دڵسۆزەوە) خەریکی ئەنجام دانی کارەکانیانن و وەک فریشتەری رزگاریکەر خۆ پیشان دەدەن.

خۆ ڕۆژ نی یە لە بەردم بازاڕەگەورەکان و سەنتەرەکانی شاردا بە جلە شینەکانیانەوە داوای کۆمۆک بۆ قوربانیانی کارەساتەکانی تسۆنامی و برسیەکانی باکوری ئەفریقیا نەکەن .

ئەمانە ئەو کارانەن کە نەتەوە یەگرتوەکان ئیدعای دەکەن بۆ ئەمەش سالآنە سەدان ملیۆن دۆلار خەرجی بنکەو بارەگاو فەرمانبەرە فرە مەسرفەکانیانە کە چی لە پرۆسەیەکی زەبەلاحی وەک ئەوەی لە عێراق بەڕیوە دەچێ (نەوت بەرانبەر خۆراک) هەر لە بایعەکەوە کە پێنج کەس زیادەی بۆ خۆی نوسیوە تا دەگاتە کوڕەکەی کۆفی عەنان لە سەر حیسابی خەڵکە برسیەکەی عێراق پارەیان خواردوە .

تا ئێستا ئەوەی ئاشکرا بوە مشتێکە لە چاو ئەو خەرمانەی کەماوە ئاشکرا بکرێت ، تەماشاکەن کوڕەکەی کۆفی ئەنان (کوجو) لە نەوەت و هەشتەوە لە بەشی منالآنی "عێراق مانگانە 2400 دۆلاری دزیوە ،سەددامی خۆینمژ 78 ملیۆن دۆلاری دزیوە ئەمە جگ لەوەی یانزە ملیار دۆلار کە فەرمانبەرو دەلآلەکانی ڕێخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لوشیان کردوە ئەو 9 ملیارەی پۆڵ بریمەریش بێتە سەری وا کەس نازانێ چۆنی ئاودیو کردوە ، ئەو پۆڵ بریمەرەی وا بە زۆری حیزبە قەومیەکانی کوردستان منداڵانی سلێمانیان ناچار کرد کە دەستە گوڵی پێشکەشی بکەن و وەک قارەمان چاویان لێکردو فەرشی سوریان بۆ ڕاخست.

ئەوپارەیە نزیکی 21 ملیار دۆلار دەبێ و ئەوەنەی بوجەی سالآنەی وڵاتێک دەبێ کەسێش نازانێ لە داهاتودا چەندی تریش ئاشکرا دەبن .

ئاخر ئەمە ڕێکخراوێکە کە کۆمەکی لێقەوماوانی دونیا ئەکات یان ئەمە دەزگایەکی گەندەڵەو تەنها بۆ پەردەپۆش کردنی هەمەجیەتی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا کار دەکات .

ئایا پاش ئەم هەموو دزی ی گەندەڵیە ڕیکخراوێکی لەم جۆرە کە کوڕی سکرتێرەکەی و تەواوی فەرمانبەرە گەورەکانی بەو شیوە قێزەونە دەس باتە دزی کردن لە قوتی خەڵکی وڵاتێک کە لەماوەی 13 ساڵی برسیکردنێکی نێودەوڵەتیدا یەک ملیۆن منالٚی لەبرسان مردن دەبێ کێ بڕوا بە ئیدعاکانی بکات؟

ئایا لە لە ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمانی ئەو لە جیهان و ناوچەکە زیاتر دەبێ بۆ کێ قازانجێکی هەبێ و کێ باوەڕ بکات کە ئەم ڕێکخراوە ئینسانی یە ؟ ئایا ئەم ڕێخراوە بەم کارانەی زیاتر لە دەسگایەکی گەندەڵ و تۆڕێکی جاسوسی و زانیاری کۆکردنەوە بۆ وڵاتە زلهێزەکان دەبێ چی شتێکی تر بێت ؟

لە هەموو سەیرتر ئەوەیە کە ئەگەر کەسیک کاری وا بکات لە فەرمانبەرە دەسپاکەکانی نەتەوە یە کگرتوەکان ئەوە سزاکەی تەنها دەرکردنە ، یانی ئەگەر کەسێ لەم ڕیکخراوە جیهانیەدا کە گوایە کۆمەکی لیقەوماوان دەکات ملیاریک یان دوو ملیار دۆلار لول بکات ئەوە نانی دەبڕن و لە کارەکەی دەری دەکەن.

هەڵبە تە کەس باس ئەوە ناکات کە مەسرەفی ئەم ڕێکخراوەیە لە عێراق لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەند بووە کە بە دۆلار تەخش و پەخس دەکرا کە بەلای کەمەوە بۆ هەر مانگێک 5 هەزار دۆلار بۆ هەریەکێ لە کارمەندەکانی سەرف کراوە لە کاتێکدا تاکێکی عێراقی مانگانە 3 هەزار دینار پارەی چاپی عیراقی وەردەگرت.